# که نووسەر دەبێ بە پۆلیس

**فەخرەدین تاهیر**

من لەهەر دوو وتاری پێشوومدا لە ژێر نێوی ( پەیامنێرێکی سەرخۆش و مەنجەلێک یاپراخ بە هەژدە هەزار دینار ) دا ، سۆزم بە خوێنەران دابوو بە گوێرەی کات ئەگەر دەرفەتم بۆ بەرەخسێت ، هەوڵدەدەم هەر جارێک سەربردەیەکی دوا سەفەری ئەمجارەم بۆ کوردستان بگێڕمەوە.

دوو هەفتە بەر لە گەڕانەوەم بۆ سوید ، دەم و ئێوارەیەک لەبەردەمی گازینۆی مەچکۆ لە شاری هەولێر دا لە چاوەڕوانی برادەرێکی نووسەر دابووم کە نیاز وابوو یەکتری لەوێندەرێ ببینین. هەروەک زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد لە کوردستان دەزانن کە گازینۆی مەچکۆ دەمێک ساڵە بۆتە شوێن و بارەگای نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر ، ئەگەر هەرنووسەرێک یان هونەرمەندێک چ لە شار و شارۆچکەکانی دیکەشەوە رووی تێبکەن یان هەنوکە تەنانەت ئەوانەی لە ئەورووپاشەوە بگەڕێنەوە ، سەردانی گازینۆی مەچکۆ دەکەن بۆ هەواڵپرسین و یەکتر بینین. ئەوەی شیاوی باسە هەتا هەنوکەش بە دەیان نووسەر لەسەر گازینۆی مەچکۆیان نووسیوە و ڕۆڵی ئەم مەڵبەندەڕۆشنبیری یەیان خستۆتە ڕوو. بەهەر حاڵ ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەو برادەرە لەوێندەرێ بەیەک گەیشتین و دواتر داوای لێکردم ئەگەر بتوانم شەو دوای دەمژمێری نۆی شەو لە یانەی مامۆستایان یەکتری ببینینەوە. ئەوە بوو سۆزی خۆم بە جێگەیاندوو و لە شوێنی مەبەست ئامادە بووم . دوای سلاّو و چاک و چۆنی ، ئەوەی بۆ من جێگەی دڵخۆشی بوو ، کە نزیکەی چەند ساڵێک بوو بە دیداری ئەو برا بەرێزانەم لە هونەرمەند و نووسەرانەی

لەوێندەرێ بەدەوری مێزێکی دوور و درێژدا گردببوونەوە شاد بوومەوە . کە بریتی بوون لەم بەرێزانە :( مەحموود زامدار، دڵشاد عەبدوڵلآ ، کەریم دەشتی، خالید جووتیار ، بورهان ئیبراهیم یەعقووب، ئیسماعیل بەرزنجی ، سەعدوڵلآ پەرۆش، عەبدولرەحمان فەرهادی، نەجات حەمید، سەلام مەحموودعەدۆ، قەرەنی جەمیل). ئەوەی شیاوی گوتنە چەند چرکەیەک بوو گەیشتبوومە ئەوێندەرێ، هەر ئەوەندەم زانی دکتۆر فەرهاد پیرباڵ بەبێ سلآو کورسێکی ڕاکێشا و لە تەنیشت منەوە دانیشت ، بەبێ پێشەکی هێرشی کردە سەرم و وتی:( یائەڵلآ خوایە لە قەزاو بەلآی دونیا و فەخرەدین بە دوورمان بگریت، هەر جارێک ئەتوو دێیەوە لۆ کوردستان کە دەگەرێیەوە لۆ ئەورووپای ئاژاوەیەک دەنێیەوە و .... هتد ).

ئەوەی ڕاستی بێ لە دەستپێکدا هیچ لە قسەکانی حاڵی نەبووم کە مەبەستی چییە. کاتێ ویستی نامەعقوولی بەرامبەرم بکات ، یەکسەر پێم گوت لێرەوە لێت قەبول ناکەم زیاتر بێ حورمەتیم بەرامبەردا بکەیت ، چونکە من قەد ڕێگا بە خۆم نادەم بێ حورمەتی بەرامبەر کەس بکەم و ڕێگاش بەهیچ کەسێک نادەم بەهەمان شێوە بێ حورمەتیم بەرامبەردا بکات و پێم گوت :( دەمت داخە و بێدەنگ بە، هەی دەجاڵ و بازرگانی ئەدەبی کوردی). کاتێ زانی گەیشتە تینم ، لە جێگای خۆی ڕاستبۆوە و چوو بۆ کن کاک سەعدوڵلآ پەرۆشی شاعیر و لە تەنیشتی دانیشت ، ئەو هەر نەیدەبڕییەوە و منیش بێ دەنگیم بەیەکجاری هەڵبژارد ، برادەرانی بەرێزم کاک ئیسماعیل بەرزنجی و کاک سەعەدوڵلآ پەرۆش زۆر بە توندی سەرکۆنەیان کرد و دواتریش تەواوی برادەران قسەیان پێگۆت و زانی لە مەجلیسەکەدا جێگای نابێتەوە هەڵسایەوە و بەدەنگێکی بەرز دەینەڕاند و گوتی : ( ئەو فەخرەدینە لە نووسینێکی خۆیدا کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە سوید بلآویکردۆتەوە ، بووختانی پێکردووم ، ئەمن ئەو کاتانە لە هەولێر نەبووم و ڕاست ناکات ، من کاری لەم جۆرەم ئەنجام نەداوە و .... هتد) . دوای ئەم چەند قسەیە ڕووی کورسیەکەی وەرگێڕا و لە مێزێکی نزیک لەگەڵ کابرایەک دانیشت.

من لە ساڵی(2000) دا ، وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بانگهێشتیان کردم و لەوێ بۆ یەکەمین جار پێشەنگایەکم بۆئەو هەموو ڕۆژنامە وگۆڤار و بلآڤۆکانەی لە ماوەی حەفتا ساڵەی لە هەندەراندا دەرچوو بوون لە هۆڵی میدیا لە هەولێر ساز کرد. دیارە لێرەدا ناخوازم باس لە چۆنیەتی پێشەنگایەکە بکەم ، بەلآم هەر لەم سەفەرەمدا ئێوارەیەک لە یانەی ڕۆشنبیری هەولێر لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەند لەسەر مێزێکدا دانیشتبووین و لە مێزێکی نزیکمانەوە بە دیداری شاعیر و چیرۆکنووسی ناسراوی ڕۆژهەلآتی کوردستان مامۆستاجەلالی مەلەکشا شاد بووم. بێگومان لێرەدا ناخوازم چیرۆکی ئەم دانیشتنەم لەگەڵ مامۆستا جەلالی مەلەکشا دوبارە بگێرمەوە،چونکە دەقی ئەم وتارە لێرەدا دەکەمە پاشکۆی ئەم سەربردەی ئەمجارەم کە لە هەولێر ڕوو بە ڕووی بوومەوە.

## بۆ مامۆستا جەلالی مەلەکشا لە هەر کوێیێک بێت..!

ماموستا جەلالی مەلەکشای هێژا..!
سلاو و ڕێزم قەبول بفەرموون.
ماموستای بەرێزم خوازیارم هەنوکە لە دەرد و مەینەتی ئاوارەیی و ڕۆژگاری سەخت و پر لە نەهامەتی ژیانی سیاسی و کۆمەلآیەتیتاندا خوای گەورە پشت و پەناتان بێت.
ماموستای بەرێزم ، لە هاوینی ساڵی (2000) دا ، کە بۆ یەکەمین جار بە دیدارتان شاد بووم، لە یانەی ڕاگەیاندنی شاری هەولێر بوو. ئەوەی شیاوی گوتنە ئەم ئێوارەیە بە ئامادە بوونی کۆمەڵێک نووسەر جەنابتان چیرۆکی سووکایەتی و شەق و تێهێڵدانی دکتۆر فەرهاد پیربالتان بۆ گێڕامەوە ، کە گەڕامەوە سوید ، ئەم ڕووداوەم لەسەر داخوازی جەنابتان بە وتارێک لە رادیۆیێکی کوردی لە شاری ستۆکهۆلم خوێندەوە و دواتریش لە پەخشنامەی چراخان لە سوید بلآوکردەوە. من ئێستاکە هەمان وتار بە کەمێك دەستکارییەوە دوبارە لێرەدا بلآوی دەکەمەوە ، ئەگەر دەزانیت ئەم نووسینەی من لە راستییەوە دوورە یان بووختانم بۆ دکتۆر فەرهاد بەناوی جەنابتانەوە هەڵبەستووە ، جەنابتان دەتوانن بە درۆم بخەنەوە یان ئەگەر راستە ئەوەی من لەم نووسینەمدا لە بیرم چووە و دەتوانن نووسینەکەی من بە گێرانەوەی ئەم سووکایەتی پێکردنەی دکتۆر فەرهاد پیربال کە بەرامبەر جەنابتان ئەنجامی دا ، دەوڵەمەندتر بکەن.
هەر بۆ ئەوەی کەسانەی لە بابەتی دکتۆر فەرهاد پیربال کە بە دەمامکێکی ساختەوە ڕۆژانە خۆیان دەنوێنن، ئەو دەمامکەیان لەسەر ڕوو لابدرێت و ڕووی راستەقینەیان بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێت. لە چاوەڕوانی هەڵوێستی کوردانەی بەرێزتاندام و هەربژین بۆ کوردایەتی .

ئەمەش دەقی ئەم وتارەیە کە لە مانگی شوباتی ساڵی (2001) دا ، لە پەخشنامەی چراخان لە سوید بلآومکردۆتەوە ، هەنوکە لێرەدا بە کەمێک دەستکارییەوە دوبارە بلآویدەکەمەوە.

هاوینی ساڵی (2000) نزیکەی دوو مانگێک لە هەلێر مامەوە. سەردانی ئەو جارەم لەگەڵ سەردانەکانی پێشترم جیاوازی هەبوو. لەو سەردانەمدا گوێبیستی زۆر شت بووم ، زۆر ڕووداوی سەیر و سەمەرەیان بۆ گێڕامەوە و گەڵێک دیاردەی دزێو و کاری ناشایستەم بە چاوی خۆم بینی. لێرەدا یەکێ لەو ڕووداوانە دەگێڕمەوە.
ئێوارەیەکی مانگی ئابی ساڵی (2000) لە باخچەی یانەی ڕاگەیاندنی هەولێر ، لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەند دا ، لە یەک کۆببووینەوە. لە مێزێکی تەنیشتمانەوە پیاوێکی بالآ بەرزی لاواز ، بە تاقی تەنیا دانیشتبوو.
ئەوەندەی پێ نەچوو مەحموود زامدار کە لەگەڵ ئێمە دانیشتبوو، هەڵسا وئیشارەتێکی بۆ من کرد و یەکسەر ڕووی لەو مێزە کە ئەو کابرایەی لەسەر دانیستبوو ، کرد.
منیش مۆڵەتم لە برادەران وەرگرت و بەرەو لایان چووم . زامدار پێی گوتم ، ئەمە کاک جەلال مەلەکشای شاعیر و چیرۆکنووسی ناسراوی ڕۆژهەلآتی کوردستانە ، ئایا یەکتری دەناسن ؟ منیش گوتم نەخێر ، تەنیا لە ڕێگای نووسینەکانییەوە دەیناسم.
کاتێ ماموستاجەلال گوێبیستی ئەو ئاخاوتنەی من بوو ، تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم و داوای کرد لە نزیکییەوە دابنیشم.
کە زامدار منیشی بەو ناساند، ماموستا جەلال یەکسەر هەواڵی هەندێک لە ڕۆشنبیرانی کوردی سوێدنشینی لێ پرسیم. ئەرێ توو خوا پێم بڵێ ماموستا کەریم حیسامی تەندروستیی چلۆنە..؟ هەر بەردەوامە لەسەر نووسینەوەی بیرەوەریەکانی ..؟ ئەدی دەنگوباسی کاک حەمە سەعید حەسەن چییە..؟
دەزانیت ئێمە گۆواری پرشنگ دەردەکەین و ناوی ئەومان وەک دەستەی پشتگیریی نووسیوە..؟
تکایە بەر لە گەڕانەوەتان ئاگادارم بکەرەوە هەندێک ژمارەت پێ دەدەم ، بۆ برادەرانیان ببە.
ئەدی پێم بڵێ کاک فەرهاد شاکەلی چلۆنە..؟ توو خوا زۆر هەواڵی بپرسە.
ماموستا جەلال مەلەکشا ئەو ئێوارەیە کەمێک مەست بوو.
لەسەرەخۆ پێمگۆت : ماموستا جەلال دەڵێی لە مێژە لێرە دانیشتووی..؟
وا دیارە لەسەر ڕۆیشتن بوون ، لەوانەیە ئێمە جەنابتمان ڕاگیر کرد بێت ، ئەگەر دەتانەوێت بڕۆن ، سەربەستن ، ئەمن جارێ هەر لێرەم ، دەتوانین ڕۆژێکی دیکە یەکتری ببینینەوە.
گوتی : نا کاکە ، زۆرم پێ خۆشە و بۆ من هەلێکی زۆر باشە ، هەندێک دەردە دڵی خۆمت بۆ باس بکەم ، بەلآم تکات لێ دەکەم کە بۆ سوێد گەڕایتەوە ، وەک خۆی بەبێ کەم و زیاد ، بۆ ڕۆشنبیرانی ئەوێی بگێڕیتەوە ، گوتم : فەرموو ، بەسەر چاو.
کاک مەحموود زامدار و دکتۆر موحسین ئەحمەدعومەر وچەند برادەرێکی دیکە ئامادەی دانیشتنەکە بوون و بە هێمنی گوێی خۆیان لە ئێمە گرتبوو.
ماوەیەک بێدەنگی باڵی بەسەر مێزەکەدا کێشا ، منیش لەگەڵ خۆم لە بیرکردنەوەی ئەوەدا بووم ، ئاخۆ دەبێت چ ڕووداوێکی سەیرمان بۆ بگێڕێتەوە..!

دیسان ڕووم لە مامۆستا جەلال کردەوە و گوتم : هەر بە جارێک بێ دەنگ بووی ، پێم خۆشە گوێبیستی ڕووداوەکەی جەنابتان ببم، ئەگەر ئەم شەو تاقەتتان هەبێ.
قومێکی لە پێکەکەی دا و گوتی : ( کاکە گیان ماوەیەکە لە ڕۆژهەلآتی کوردستانەوە ئاوارەی باشووری کوردستان بووم و لە هەولێر گیرساومەتەوە. چەند جارێ کاک لەتیف هەڵمەت لە شاری سلێمانییەوە خەبەری بۆ بەرێ کردووم ، ئەگەر بچمە ئەوێ هەموو شتێکم بۆ بکات ، بەلآم من داواکەی ئەوم ڕەت کردۆتەوە و مانەوەی هەولێرم بە ڕاست زانیوە.
کەی ڕەوایە خەڵکانێک کە دوای بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان کەوتوون ، ئەم کەشوهەوای تاڕادەیەک دیموکراتییەمان لێ تێک بدەن و ئازادیی ئێمەی ئاوارە پێشێل بکەن...؟
ڕۆژێک بە نووسەرێکی ئێرەم گوت : تکات لێ دەکەم واز لە ئەدەبیاتی فارسی بهێنە ، چونکە تۆ فارسییەکەت باش نییە.
بۆ خۆت دەتوانیت خەریکی شتی دیکە بیت. ئەو بابەتانەی لە فارسییەوە کردووتن بە کوردی ، سەقەتت کردوون .
خاترجەم بە ، ئەم قسانەت لە دڵسۆزییەوە بۆ دەکەم.
پاش چەند ڕۆژێ ڕێم کەوتە ماڵە ڕۆشنبیرییەکەی ، لە ناکاو هات و قیڕاندی بەسەرمدا و منی لە ماڵەکەی ، کە گوایە ماڵی ڕۆشنبیرانی کوردە ، وەدەرنا و بەوەندەش نەوەستا ، تەلەفۆنی بۆ ئاسایش کرد و وای تێگەیاندن کە جنێوم بە بارزانی داوە. پۆلیسەکانی ئاسایش بەبێ ئەوەی پرسیار بکەن ، من کێم ، بەر شەق و پێلەقەیان دام و راپێچیان کردم بۆ زیندان . کاتێ لێپرسینەوە ، ئەفسەرێک هات و گوتی :
مامۆستا بۆ جنێو دەدەی ..؟
نەخێر جنێوم نەداوە ، من مێوانی حوکوومەت و پەرلەمانی کوردستانم ، چلۆن جنێو دەدەم..؟
مامۆستا خەڵکی ئەو دیون..؟
بەڵێ خەڵکی ڕۆژهەلآتی کوردستانم و ماوەیەکە لەسەر کاری سیاسی ئاوارەی ئێرە بووم.
ئایا کەسێک لێرە دەناسی کەفالەتتان بکا..؟
بەڵێ کاک فەرەنسۆ هەریری دەناسم.
ماوەیەکی پێ چوو ، دیار بوو زەنگیان بۆ کاک فەرەنسۆ لێ دابوو، ئەویش گوتبووی بەڵێ برادەری منە ، دەستبەجێ ئازادی بکەن ) .
هەر لە سەرەتای گێرانەوەی بەسەرهاتەکەیەوە، بۆی چوو بووم ، کێ بە گرتی داوە، بەلآم بۆ دڵنیایی ، پێم خۆش بوو ، خۆی ناوی ئەو کەسە بهێنێ ، بۆیە گوتم مامۆستا جەلال جەنابتان بە وردی چیرۆکەکەتان گێرایەوە ، بەلآم ناوی ئەو کەسەتان نەهێنا کە بە گرتی دان ..؟
کاک زامدار هەڵێدایێ ، هەی لە من کەرتر ، نازانی کێ خاوەنی ماڵی شەرەفخانی بەدلیسییە..؟
منیش گوتم : با دەزانم ، دکتۆر فەرهاد پیربباڵە.
مامۆستا جەلالیش گوتی : بەڵێ ئەو بە گرتی دام.
سەیرە لە کوردستان نووسەر ، نووسەر بە گرت دەدات و دەسەلآتدار ئازادی دەکات ، خۆی دەبووایە بە پێچەوانەوە بووایە.

ستۆکهۆلم 18.11.2004

سەرنج :
1- مامۆستا کەریمی حیسامی لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2001) دا ، لە نەخۆشخانەیەکی شاری ستۆکهۆلم لە سوێد، بەهۆی نەخۆشییێکی کوشندەوە ماڵئاوایی لێکردووین . یادی بەخێر.
2- کاک فەرەنسۆ هەریری لە نێوەراستی مانگی شوباتی ساڵی (2001) دا ، لە ناوەراستی شاری هەولێر لەلایەن گرووپێکی تیرۆریستەوە تیرۆر کرا و چووە ریزی شەهیدانی کوردستان. یادی بەخێر.